**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٦٧٨/٣ لە ٢٠١٧/٣/٣٠**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە حوکمەکانی ماددە(٩) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە:-**

## پەیرەوی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٧

## پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی وەزارەتی داد

**ماددەی (١):-**

١- ئەنجومەنی وەزارەتی داد، بە سەرۆکایەتی وەزیرو بە ئەندامیەتی هەموو دەزگاکانی داد پێکهاتووە، بەم شێوەیە: (بریکاری وەزارەت "لەکاتی ئامادەنەبوونی وەزیر سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات"، سەرۆکی ئەنجومەنی شورا، سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاریی دادی، سەرۆکی داواکاری گشتی، بەڕێوەبەری گشتی داد، بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگەی دادوەری، بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ، بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگە دادییەکان).

٢- ئەنجومەن مانگانە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی دەبەستێ و سەرۆك بۆی هەیە بە شێوەیەکی نائاسایی داوای بەستنی کۆبوونەوە بکات هەرکاتێك پێویستی بەوە هەبوو.

٣- ئەنجومەن بە سەرۆکایەتی سەرۆك یان بریکاری وەزارەت لە کاتی ئامادەنەبوونی و بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامان کۆدەبێتەوەو بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکان دەردەچێ و لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکان ئەو لایەنە پەسند دەکرێ کە سەرۆکی لەگەڵدایە.

٤- ئەنجومەن سکرتێرێکی دەبێ کە بروانامەی بەرایی لە یاسادا هەبێ، کاروباری ئەنجومەن ڕێك دەخات و خشتەی کارەکانی ئامادە دەکات و بە ئەندامەکانی ڕادەگەیەنێ و ئەو کێشانە پوخت دەکاتەوە کە پێی دەسپێردرێن لەگەڵ گەیاندنی بڕیارەکانیدا، چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**ماددەی (٢):- ئەرکەکانی ئەنجومەن:**

١- سیاسەتی گشتی وەزارەت و ئامانجەکانی دەست نیشان دەکاو پلانی ساڵانەی لەبەر ڕۆشنایی حوکمەکانی یاسای وەزارەت دادەنێ و بنەما یاسایی و کارگێری و دارایی و هونەری دیاری دەکات بە مەبەستی پەیرەوکردنیان لە وەزارەت کە لەگەڵ سیاسەتی حکومەت بگونجێ و هەر ڕاسپاردەیەك کە بەباشی بزانێت لە بارەیەوە پێشکەش دەکات.

٢- بودجەو میلاکی وەزارەت ئامادە دەکات و هەر ڕاسپاردەیەك کە بەباشی بزانێت لە بارەیانەوە پێشکەش دەکات

٣- لیژنەی هەمیشەیی یان کاتی لە ئەندامانی ئەنجومەن پێك دێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشنیازەکان و ئەو کێشانەی دێنە پێش دەزگاو فەرمانگەکانی وەزارەت یان بۆ کردنی هەندێك لەوکارانەی کە پێی سپێردراوە و لێکۆڵینەوە لەو کێشانەی کە وەزیر داوای دەکات.

٤- لێکۆڵینەوە لەو پرۆژە یاسایانە دەکات کە وەزارەت پێشنیازیان دەکات.

**ماددەی (٣):-** ئەم پەیڕەوە جێبەجێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**سـنـان چلبـی**

**وەزیـری داد**